... ئەوە منم

وەک بۆنی گوڵێک لە گیانەڵادا بێت

لە زەنجیرەی باب و باپیرانم دەردەچم

شەپۆل دەدەم . و . دەژمێردرێم

لە هەنگ دەچم و هەنگوینی تایبەتیم دروست دەکەم و

ئەوەش ژیان ... سارد و کەمترە لەوەی

کە برینێک بێت.

چ نابینم . ئامیر نەبێت ئاپوورە دەکەن و

دەڕژینە کێڵگەیەکەوە لە هەناسەی مرۆڤ

نە ڕۆژ هەیە. و . نە شەو

بەڵکو شریتێک لە چرکەکانەوە دەپچڕێت و

بەردەوام دەبێت

نە دەرەوە ماڵی منە و

ناوەوەش تەسک و تروسکە بۆ من .

لە زنجیرەی باب و باپیرانم دەردەچم وەک بۆنی گوڵێک لە گیانەڵا دا بێت

نامەوێ ناو بنرێم/ دەمەوێ ناوێک بم بۆ ڕووناکیی

نامەوێ بگیردرێم/ دەمەوێ هاو واتای - بـا - بم ..

ئەدۆنیس

"

لم اكن اريد الا أن أعيش وفق الدوافع
التي تنبع من نفسى الحقيقة.
فلم كان ذلك بهذة الصعوبه..؟؟
*** *** ***
(( ان أعطي شيئا من نفسى للعالم..))

لة(( دميان))ي
- ((هيرمان هسة))وة..

# زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدرێن ..؟

... چەند دەنگێکی ، یەک لە دوای یەک

لە دوور ڕا دێن

ئەم دەنگانە ،

نەگۆرانی سەمایەکی ڕۆژ ئاوایە .. و

نە ئاوازی ڤاڵس ودانسی بارەکانە

ئەم دەنگانە،

زەنگی کڵێسای وێرانبووی-

گوندەکانی ئەسپانیایە؟

یان لێدانی زەنگەکانی هەمەنگوایە..و

کەسێک بە دەنگیەوە نایەت . .

زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدرێن . . ؟

دەشتی زێڕینی ئەسپانیاو گوندەکانی

فریزێکی ،

بەر تریفەی مانگە شەوێکی بەهار بوون

تا ڕۆژانێک . دڵنیایی شنەیەک بوو

کەروێشکەی سۆزی تیا دەکرد.

ئەمیستا وا لە جەنگە ناوخۆییەکاندا . کەنەفت بووە

هەردوو دەستی چەپ وڕاستی شکاوەو

بە مل هەڵیانی گرتوو.

ئەی هەمەنگوای:

چاو دە نێمە دووربینی ئەم ڕۆژگارەوە

وەکو بنە زەریاکاکە

هەرچی تیایە

قەووزەی بێ دەنگیی وکپ بوونی لێ نیشتووە.

تاک وتەرای

دڵداره ڕووتەکان نەبێت

بەناو یەکدا گینگل ئەدەن

خەو . کۆترێکی تەریوه و

هێلانەی چاوەکانیانی جێهیشتووه .

بەدەم بەرز و نزمبوونەوەی /

شـەپۆلــی/

لێدانی ئەم زەنگانەوه . ، . سەمادەکەن

ئەی هەمەنگوای

گوێم له گمەی

پۆله نۆتەی باڵکراوی زەنگەکانته

به بنار ماڵه کوچەریەکاندا / تێپەر دەبن

گوڵ و

نان و

گڕ دەگێڕن ..

چاوم لێتە

ژان ئاوازی سەماکانتە

بە سەر شان و ملی مەرگدا

... زەنگ لێ ئەدرێ

گۆمی بێ دەنگیی دەشڵەقێ

هەرچی ژیری ئەسپانیایە

لە خەوی مێژوو هەڵدەستێ

بەڵام .. دەروونی هەمەنگوای

بۆتە چیای پاش تاوە بارانی ئازار

## تەمی ڕقی لێ هەڵدەستی..!

? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ? ?

*ئەم شیعرە لە ژمارەی ((١١٣١))ی (١٩٨٩/١١/٣٠)ی ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوبۆتەوە و بەوەرگێرانی کاك (فـــاروق علی عمر) لە ژمارەی (٣)ی ساڵی ((١٩٩٢))ی گۆڤاری (الادیب الکردی)) دا بڵاوکراوەتەوە، سێ نوسینیان بـە عـەرەبی لە سەر نوسیووە لەوانە:ـ*

(همنغوائیه قصیده عیسی چیایی ))کە شاعیری عێراقی *وسام هاشم* نووسیبووی و لە ڕۆژنامـەی العراقـدا بـڵاوی کـرد بووە..

((...........))

ئەمشەو شیعرێ تر دەنووسم

سیمای لەوانی تر نەچێ

دیوارەکانی چوار دەوورم زیاد لە جاران بالاّ دەکەن

شۆڕشەکانی ناوەوەم زیاد لە جارێ/

هەڵدەچن و سەرکوت دەکرێن

لەدەروارەی مێژووەوە

چەند وێنەیەکی لە یەکچوو

دەکیشێنە بیناییمەوە

لە سەرچاوەی ئایندەوە

چەند ڕووبارێک

دەڕژێنە تەنیاییمەوە

چەند خۆشحاڵم بەو ساتانەی

کە هیوایەک لە دەروونما/ خۆی دەنوێنێو

ئامادەم لە پێناویدا بمرم

ئای .. چەند خەمێکی گەورەیە

ئەم غوربەتەی هەڵیدەگرم

پارچەیەکی زەمین ماوە

پارچەیەکی برینداری ڕۆحمم تیا جێ نەهێڵابێ .. ؟

دڵێک ماوە

دڵم تییدا لێی نەدابێ .. ؟

هەموو ساتی وا هەستەکەم ـ لە وولاٌتی تەنیاییمدا

چەند خەو نێکم لێ دەدەزری .. و

چاوی یاساکان نایبینن ...

هەموو ساتێ وا هەستەکەم . لە وولاٌتی نامۆییمدا

خەتایەکم دەرهەق دەکرێ .. و

چاوی خوداکان نایبینن ..

((II))

... هەژارەکان

لە گشت لاوە سەری پرسیاریان هەڵبڕی

زیرەی مرۆڤ لە کوێوە دێت .. ؟

زیرەی مرۆڤ .. لە گریانی

ئێوارەیەکی ناوەختی منداڵێکی برسیەوە

دەستی پێ کرد

تابوو بە ((با)) و هەموو شوێنێکی گرتەوە

ئای زوو زانیم ... سەرنجی چاو

بیستنی گوێ

دەستە و ئەژنون

لە ئاست خەتا .. و ڕووداوەکانی ئەم دنیا

ئای . بریا لووتکەیەک بام .. و

دڵی جۆگەم

بۆ نازی ئەم گێڵکە تینوانە ئاوەڵا کردبا

هەناسەی تەمی زستانیم / .. تەنیا

بۆ کۆتری جووت بووی ناو

ئەم ئەشکەوتانە بەرەڵا کردبا

لە شەوانی تینوێنیدا

جەستەی ڕووتی پایزی ساڵێکم بەس بوو /

لــەو کێـوانـە

ئـەو شـەوانـەش

که تۆفانی حەزرەتی نووح

شار و گوندی ڕادەپێچا

((بـا))م بۆ دەبوو بە فەرەنجی و


((هــەور))م دەکرد بە جامانە.

۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞ ۞

**١٦**-١٨/١٢/١٩٩١

ت/ تامایی کەسایەتی ((وەلی دێوانە)) وەك دەمامكێك لە هەندێ شوێنی

ئەم شیعرەدا بە ڕووخسارە.



# ئەوان

**I ... حەزرەتی سمایل**

... دەترسێم گەورەبم .. گەورە بم و
خەمەکانی منالێم لە بیر چێت
گەورە بم . و
خەونە کاڵ و شەنگەکانی منالێم لە کیس چێت
تەنیایەك بووم
دایکم چمکی کراسکەی
بە ددانی تووند گرتبوو
جارێك بۆ سەر کێوەکەی پشت
بۆ قەرەوڵی ڕێبوارێ / چاویە گیڕاو
جاریکی دی دادەبەزی و

بەسینگیەوە دەینوساندم
تا بە مانەوە ... و نەخنکانم
خەنیی و دڵنیا دەبوو
تەنیایەك بووم
لەم خاکە بێ ئامانەدا
چەند پێم بە زەوییدا خشاند.
دڵۆپێ ئاو هەڵنە قوڵا . و
بە گەورەییش ، شەتڵێ گوێزم لە بەر نەچاند.
گەورە بووم . و
باوکم ،
کێردی سەر بڕینمی لە هەسان دەسوو
دەترسام

ڕۆحم ببێتە قوربانیی مانەوەم جەستەم
دەترسام مۆمیا کرێم
لە پاڕانەوەی لە دەم دەرچووم /
دەترسام و خۆم پێی نەزانم ..

## II .. وەلی دێوانە

که تارمایی شەو
بە سەر ڕوخساری هەوارەکاندا
گوزەری دەکرد
شەمم .. شەم نەبوو
تروسکەی چرای
ناو کووخی ماڵە چیاییەکان بوو

پەڵە بوو ..

داس بوو ..

کۆڵەکە و پەتی ڕەشماڵەکان بوو

هەر چاوەڕێ بووم

هەڵگری لە دڵ ... تەڵێ ... سواڵەیەك

یان

داکا بە سەر ڕۆحی خەمبارما ..


وەك گەواڵەیەك ..

### III ... زۆربـــا

... لە هەرکوێدا
سەرخەوێکم شکاندوە
یادگاریەکم ،
بۆ ئافرەتێك جێ هێشتووە..
بە هەر کۆیدا پێپەریوم
ئافرەتێکم خۆشویستووە..

**************

بەغدا / کفری ١٩٩٠



( ****** )

( ١ )

نهێنییەکان دەمگوشن ، ئاوی گومانم لێ ئەتکێ
نیگەرانیم هوشیاریە و گوڵی پرسیاری تیا دەڕوێ
پرسیار گەرووپەکی سرکەو
ڕازی شێت بوونیتیا ئەدوێ..
بۆ گاسنی هەوجارەکەت لە سندوقی زێڕگیر نەبوو.؟
لە خەڵوەتی ئەشکەوتەکان هاتوومەدەر
جەستەم تەڕە .. و
بۆن ڕدینی پێغەمبەرانی پێش مێژووم لێ دێ
( (بانگی ڕۆبۆت دەبیستم و دەفری هەڵفریو دەبینم ..) )

گوندێک دەڵێ:- ئەو کۆشکانە بڕووخێنە

تافریزم لە سەر سەوز بێ . و

ئاسک بە سەرما بێت و بچێ..

هەنسکی ڕابردووم پێیە/ ڕەگی ئەمڕۆم ترازاوە

دەبێ وەک سرکیی خەنجەرێ ، دەرپەڕم و

بپەڕمەوە بۆ سبەینێ

دەبێ پردێک بە سەر هەرەسی ئەمڕۆمدا

ڕایەڵکەم و سەرکەوم بۆ سەرەتایەک

سەرەتایەک.........

(II)

ڕاستی لە ناو ئەم شانۆ سەرقاڵەی خۆمدا
بەدی دەکەم / کە تەنیا دەنگی خوا . و
شیعری تیا ئەکتەرە..
«دەنگدانەوەی . . .
زەنگی سەرەمەرگی دڵی دوا پەیامبەر
چرایەکە، شەوەکانم دادەپۆشێ
بارانێکە، دەڕژێتە سارای دڵمەوە
تێکەڵ بە سیروان دەبێت و بە ویژدانمدا دەکشێ
چەمی ڕێزان لە چاومایە
هەناسەی گەرمی ئافرەتێک دایپۆشیوم

چاوەڕووانم
لە بۆیەدان
لە ئاوێنەی بەرباخەڵی
لە گوشەی موبەقی کوشکێ بیزار بێت و
بێتە دەرێ..»

( III )

لە چاو ترووکانی عەشقا
پەناهەندەی خاکی شیعرم - چەقی سووتان -
هەرچی تیایە سەمەندەرە
هێندە گۆرانی یان چرپیوە تا سووتاون
دێمە دەرێ

ڕێزێک خەنجەر ڕووت دەبنەوە

شوورەی نێوان مەرگ و ژیان دەڕووخێت و تێکەڵ دەبن

قەڕاڵەکان لە شەرمانا/ تاجەکانیان دەپێچنەوە.

( IV )

چی شک دەبەم لەو بوورکانەی دڵم زیاتر . . ؟

ژینگە تاڵەو هەنگاوەکانم ناکێشێ ... ؟

دەڕۆم ...

نامهێڵن و تەنیا مشتی خەمی وێرانەکەم / .. و

یادگاری ئافرەتێک نەبێت

کە ڕۆژانێک میوانی وەرزی بەهار بووین

بە چرپە ناوی هێنام و

لە بێ دەنگیی یەک بیزار بووین ..

وەک نزاکانی دایکم لە باڵام ئالا .. و چیترنا

-برینێکم لە روحدایە . عومرمی پێوە تەزیوە

عومرێکە من

بە ئاگر یاری دەکەم و

تۆڕ بۆ ماسی ناو سەرابەکان هەڵئەدەم

عومرێکە من

کێردی کولی چەقۆ کێشەکانی مێژوو

لە جەستەمدا ڕەشبەڵەکیان دا بەستووە.

عومرێکە من

گورانیبێژی خەونێکم / نەمبینیوە

گۆرانیەکەم دەبن بە سنووری ئەو گەڕەکانەی

ئاهی نەگروفتە شک دەبەن

عومرێکە من

تارماییەکە (ی)

لە بۆشایی جەستەی - بـا -دا دروست دەکەم

کە خۆرەتاوی زیوینی ئاواییەک پێشێل دەکەن

چاوکە شیعرم-

چۆن دەبێـە پریشکێک و


کوانوی گەرووم جێ دەهێڵێ

کە منداڵێک ،

چاوی وڕکی لە بێ نازیدا لێک دەنێ

چاوکە شیعرم -

چۆن دەبێتە گریانێک و



# چاوترووکانی ساتە شێتەکان

هۆشیارم لە بێئاگاییدا
دێمە ئاگاش نامۆدەبم
شەپۆلێکی سەرەۆم ..و
بازنەی هیچ « ...
هیچ دەریایەکی داخراو نامگرێتەو خۆ
یـــان:
شەپۆلێکم دەڕژێمە دەریای بوونەوە
با-ی بێ دەنگیی بەسەرمدا دەقیژێنێ و
ئۆقیانووسی کەپت وکپ بوون هەڵممدەمژی
کەی ڕەوایە؟
«بەرد و شووشە بجەنگن »* و گوڵ بسووتی؟

کەی ڕەوایە

لەودیو دەروازەی شەوەوە

کەسێک هەبێ لە سەرمانا .. هەڵبتووتی.؟

بۆن دەکەم ، بۆن

بۆنی گوڵاڵەی نایلون و دەروونی نەخۆشی مرۆڤ

دەنگ دەبیستم

دەنگ ویژدان و بولبولی مۆمیا کراودێ

ئەی ڕۆحی سەرکێش و خاوێن

دوور بە لە گۆمی بۆتکردوی ئەو کەللانەی

ڕۆژگارێکە نەشڵەقاوون

ئەو جەستانەی بە زیندوێتی مەرگ گەرای تیاداناون

ئەی شەپۆلە فریشتەکان

گەر ناتوانن

ڕێڕەوی ئەم سەرچاوانە وەرگەڕێنن

مەگەڕێنەوە مەداری زەلکاوەکان

گلاّو مەبن..

-II-

چەندم پێ دەچێ بە خەون « بەس بەخەون»

تا سنووری ئەو مالاّنە

ئای .. ئەو مالاّنە چەند دوورن

ئای .. چەند دوورین لەو مالاّنەوە کە تیایداین

ڕەنگە بە پەیژەی خەونێکدا هەڵگەڕێم و

چرای خامۆشی ناو تاقەکانیان خۆشکەم

ڕەنگەبتوانم

دەتوانم

دەتوانم ئەگەر بتوانم

نەخشەی ڕەنگەکان تێکدەم و

شتەکان ناو بنێمەوە

گەر بتوانم

دەستم لە چمکی جامانەی باپیرەیەک گیر بێ کە /

کرمی درۆ تێی نەدابێ

ئەو پیاوانەی

بەم دیو ئەو دیوی شەقامدا هەڵکورماون

گەلێ شت دەزانن.. نایڵێن

/ لە کرنۆشدا بۆ گەلیٚ خوا

پشتی ڕاستیان چەمانەوەو

پرچی ڕەشیشیان سپی کرد

نەیان زانی

لە هەر لایەک ... مەرگەوەڕێ

فووی کرد بە جووزولەی شەودا

خزانە یەکەم ئەڵقەوە ...

بۆ ڕەشبەڵەک

-III-

شەپۆلێکم

لە هەوادا دروست بووم ... یان .

سەرچاوەکەم تەڵخ ئەبینم ..؟

سەرچاوەکەم

هەڵقوڵاوی بنار گوندێکی لاڕێیە

یان ڕشانەوەی دەریاکان

سەرچاوەکەم_

ڕاوەشانی خەنجەری دەستمە ((گەر هەمبێ))

هەر کاتێکیش خەنجەرەکەم . ڕاوەشاند .

هۆشم لێ وون بوو .

شەو .. لە نێوان /

حەسانەوەی و پروشاندا

لەنگەری خۆی لێ وون دەبێ

شارستانێتی جەنگەڵێک دەگرێتەوە

پاشاگەردانی هەڵدەستێ

چاوانی ساڵ

لە چاوڕووانیی وەرزێکدا سۆمایی داهات و نەهات

چ وەرزێکە ..؟

ئەو جەستانەی ڕژاونەتە سەر شۆستەکان

بۆ کوێ دەچن ..؟

لە کوێوە دێن .؟

لێیان هەبوو

هەر لەتێ خشتی ڕزیوەیان بینی گریان

لێیان هەبوو

گەڕانەوە و بوون بەخڵت .. پیاوانی خڵت

لێشیان هەبوو .. پەڕینەوە .. و

بستێک نەما /

فەرشی غەریبی تێدا ڕانەخەن.

- ئەم خەمانە لە کوێوە دێن- نایەڵن چاو بکەمەوە

لێم ناگەرێن

تۆسقاڵیبیر / لەم گرفت تەگەرانە بکەمەوە

ئەو خەونانە لە کوێوە دێن.؟

بە سەر جەستەی

ئەم گرێ و تەگەرانەدا

بێ باکانە کێشم دەکەن

ڕەشەباکان...بمهەژێنن

لە چرکەیەکی شێت بووندا

من چیاییم وەکو ئێوە

زۆر بیزارم

لە سنوور .. و


لە کەنار ..و

لە چوارچێوە ..

بەغدا / سەرافییە

سەرەتای ساڵی ١٩٩٠

*لە گۆرانیەکی داریوش وەرگیراو



# دوا کۆتایی شـــــتەکان

( I )

« زەمەن وەک نەیزەکی دەکشێ و

فریاناکەوم

هـیـچ

بـلـێـم..»

لە نسێی لاپاڵێک دەچم

گوندێکی چۆڵی پیاگوزەر بووبێ

« ها خونچەیەکی تر

چاوی گڕینی /گوڵێنی

کردەوەو

پەپوولەیەک

«ها جارێکی تر

کچانی تراخیس هاتن و

لەدمدمدا

نوێنیان ڕاخست..»

خۆی پیا چزان.))

... لە برینی نانێکەوە

دەڕووانمە نەزیف بوونی داری پایز

بە سەر دەنگدانەوەی بانگی/

منارەیەکی بێ دەنگدا

بە سەر کڵاو و جامانە و

تەکانی تووندو تاراوگەکەی( نالی )دا

((ئەمە پردی تەمەنمە ((نەفرەت

با ئێوارەیەکی بەسەردا / لەو هیوا دوورانەی-

هەڵگەڕێ بە تونێڵی

گوڵێکی تیا نەمرێ..)) بێ هوودەییمان دەسپێرن.))

تەمەنمان قەرەنفەڵ بوو . قەڕەنقەڵ

هەڵدراوەینەتە بۆشایی

بۆشـایـیـیە

تا دواکۆتایی شتەکان

لە بوورکانی

تووڕەبوون ویاخی بوونی ناخ دەپرسین:

لە کوێیەو زەوی .. ؟

کوا ئاسمان .. ؟

-II-

گەڕاینەوە

گەڕاینەوە . وەک سەرەتا

وەک سەرەتا ... گەڕاینەوە

وەک مێگەلی ئاسکی شەوان

بۆ سەر کۆل و بیری لادێ گەڕاینەوە

گەڕاینەوە ، تا ڕووخساری تەم لێ نیشتووی-


غوربەتیمان ، لە ئاوێنەی ماڵەکانماندا ببینین..

« سوپاس سوپاس سوپاس

بۆ هەر کچێک بۆ هەر بۆ هەر

لەم دەڤەرانەدا - لە تەخشتێ ڕێگاوبانێ

ماچێکی نەرزا شوێن پێکانی
داومەتێ تا وون نەکروم.»
یا گەڕامەوە»
چاوێکی
لێ داگرتووم.»



-III-

... لە کوێیەوە زەوی .؟

کوا ئاسمان.؟

بۆ تەنیایی خۆم دەگریم .. من نازانم –

یان بۆ چاوانی نیشتمان .؟

- چی لەو زاتەت پیرۆزترە .؟

- چی لەو جەستە بچکۆڵەیەت تەنیا ترە .؟

بێ هوودە ئەم چەتری بارانە بەخۆدا نادەی !

بێ هوودە ئەم ئێوارەیە ڕاناگری .. تا نەڕوا!

«شەوهەر شەوە» «شەو ـ

بەس نی‌یە بۆ تەنیایی»

لەم شەوەدا



دەست بۆ هەر چی درێژ دەکەم

تەنیا مشتێ تاریکی‌یە.

دەست بۆ کەمەرت دەگێڕم / تاقۆڵەکانم  وون نەبوون..

لیوانت کوان ..؟ / تا لێوەکانم وون نەبوون..

بێ دەنگ مەبە

تۆزێک بگری

پێبکەنە

شتێک بڵێ... تاوون نەبووین..

–iV–

بەڵام تۆ ..!

-V-

بە ڕووتینی لە بەر - با -دا بووم

((بـا))ی هـەژاریی

((بـا))ی دڵـداریـی

((بـا))ی خـەمـۆکـی

من لە چەقی (( با ))کان دابووم

ئەوە دەمانەی ../ وڵاتێکی ڕەتکردنەوە و

شارێک بووم لە نەفرەتی کەنار و بەندەرەکانی..

-IV-

بە ئاستەم دەنووشتێمەوە

تا لە دەروازەی بچوکی ئەم زەمەنەوە دێمە دەر

تا بەشی هەناسەدانێک -با- ئە دۆزمەوە.

- لە دەرەوەی ئەم زەمەنەوەم
تا ئایندەم بێتەوە یاد
- من لەو وەرزانە سڵ ئەکەم
کە تەم و مژ چاوی خۆمم لێ وون دەکەن
دەبوو بۆنی جەستەت بکەم
تا گوێم لە . گۆرانی - ناخ -و
هەڵلەرزینی - با - و - باران - بێت.

| | |
|---|---|
| ((بـــاران)) | ((گۆرانی)) |
| (من نـازانم | ((گوێم لە ئاوازی جەستەمە |
| بـــــاران- | تووند تیژتر لە تێکەڵ بوون |
| خـــــۆی- | دەرژێتە نێو گۆرانی‌یەک |
| دەخـاتـە | کوێم لە ئاوازی جەستەتە |

خـــواریَ؟ – هێمنتر لە ئێشی لەززەت

یـــــان بێ دەنگی‌یەک دەگرێتە خۆ.

بە پوولەیە گوێم لە ئاوازی دوو جەستەی نیگەرانە

و تووندوتیژتر لە تێکەڵ بوون

هەڵدەفڕێ. ) هێمنتر لە ئیشی لەززەت

بێ دەنگی‌یەک دەگرنە خۆو

دەڕژێنە نێو گۆرانی‌یەک.))

–VII –

سێبەر / ئایدیۆلۆژیەت

ڕووبار. بەسکەخشی دەڕوا

شەقام. لە چاوەڕووانی سوارێکدا

پێی لێ ڕووا

بەرد. دەجمێ

«با»ش وەک تیشک

دیواری برین دەسمێ.!

« لە ئاڵۆزی – گرێ–کاندا

دەردەکەوم

سێبەرەکەم

لە خۆم گەلێ بڵندترە

لەم بێ دەنگی‌یە دەترسێم

وەک سەرەتا

یان کۆتایی

تەقینەوەی

کەچی مشتێ – بورکانێکم دێتەپێش چاو.))

خەمیشم بۆ هەڵناگرێ))

... لە سەرنجما

هەموو دنیا ویَک دێتەوە

هەرچی تیایە

لە جەغزێکی زۆر بچوکدا دێن و دەچن

خۆشەویستی هەموو کۆشکێ دەڕووخێنێ و

کوختێکی تیا دروست دەکات..

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

بەغدا / حوزیرانی ۱۹۹۲

گەرمیان حوزیرانی ۱۹۹۳

- کچانی تراخێس .. شانۆنامەیەکی ((سۆفۆکلیس))ە.
- هەردوو دێرە شیعری ((وولاتێکی ڕەتکردنەوەی ))و ((ڕووبار، بەسکەخشێ دەڕوا)) هی (ئەدۆنیس)ە

# نامەکـــانی وەرزی بەستەڵەك

I -

*....لە بێ دەنگیی   نەترســــــــایەم*

*نامەیەکی، سپی ...سپیم  بۆ دەنووسیت..!*

II -

لەوێ مەنوو

کەسێکی تر

لە نوێنەکەمدا نوستووە...

III

لە ساڵێکدا

دەستمان نایە دەستی یەکتر

چوار وەرزە هەر بەستەڵەک بوو

لە سۆراخی دنیادا بووین

سەرتایە .؟

یا کۆتایی ..؟

دەستی یەکتریمان گووشی

نەمان زانی

پێ بکەنین

یان بگرین بۆ ماڵئاوایی ..

IV

-

وەختە بگریم

بۆ هێمنیی ئەو ئێوارەی

شار بوو بە زەریاچەکەیەک . و

تۆڕی دڵمان تێ فڕێدا

ئازیزانمان

پۆڵ .. پۆل نەورەسی باڵ سپی خودایی بوون

گوڵاوی بە ژنی ئێوارەو

نان و شیعریان دەباراند

V

چ بارانێک لە تەنیاییم بە خوورتره .؟

چ بورکانێک لە بێ دەنگیم  توورە ترە .؟

لە نێوان تەنیاییم  و

تەنیاییتدا

پردێک هەیە

شیعر ڕایەڵی کردەوە ..  ماوە

لە نێوان بێ دەنگی من و

هەراسانی ئەو خەڵکەدا

هەزاران پرد ڕووخاوە .

با هەردووربین

دووریمان زۆر گەورەتر

لەوەی یەکتر لە باوەش نێین

لەوەی کە پێکەوە بمرین

با بێ دەنگ بین

بێ دەنگیمان. گەلێ .. گەلێ گەورەترە

لەوەی بدوێین

لەوەی بگرین ..

١٩٩١-١٩٩٢



# پەنجەرەکانی ئاژاوە

((بەر شەوارەکەوتن لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا))

## ١- پەنجەریەك بۆ ڕۆیشتن.

.. عومرێکە بە پێوەین. هاوڕێ

پێدەکەنین

دەنــویـن

دەگـریـن

دڵداری دەکەین

با بڕۆین .هاوڕێ. با بڕۆین

ئاسمانی خوا . و

تریفەی چاوی شەهیدان دەمانپارێزێ..

## ٢- پەنجەرەیەك بۆ ((ئەو))

.. هات .. تەنیایی داگیر کردم
ڕۆیشت .. کەلاوەیەکی جێهێڵا
لە هزری بریندارما
ئەو ..
لە بۆشایی - با - و -ڕووناکی –دا
گوڵدانێک بوو لە تەم مژ
منیش بەژنێک ، لە سەمای ئاو..و
نیگەرانی باران .و. ئاژاوەی تەنیایی
لە سوارەکانی وەرزی باران دەچووم
دەنگم تەڕ . و
هەناسەم شێدار
وەک سێبەری
دڵوپە ئاورنگێک .. لە کەوتندا .. لەوێ.

## ٣- پەنجەرەیەك بۆ چاوەڕووانی

چاوەڕووانی مەکە-هەرگیز

چاوەڕووانی

نەهاتنی بەدوادا دێت - بۆیە

خۆهەڵواسین بەمەحاڵ دا

خۆ کوشتنێکی دەگمەن و لەسەرخۆیە

دەرگاکردنەوە لەهیوای ساختە

هەڵکەندنی گۆرە بۆخەون

دواخستنی هەر هیوایەک بۆ کاتی تر

زیندە بەچاڵ کردنیەتی

"گەشبینی-جورێکە لەگلەیی

دڵشکاندنیش..لەکوشتن-!"

## ٤- پەنجەرەیەك بۆ دوا ئێوارە

دڵتەنگتر بڕووانە ئاسۆ

"بـا" ژێی گیتاری "خوا" یە، ئێواران

ڕەنگە-

ئەمە دواخۆرنشینی پاش دوا ئێوارە بێت

لەسەر ئەم خاکە

هەموو - ڕووناکی‌یە نارنجی‌یەکانم دەوێ

هەموو بادەکان بنۆشە

هەموو جگەرەکان بکێشە

هەموو خەتاکان بکە - و

دوا نەفرەت

لەپاشماوەی

بنەماڵەکانی تاریکی - !

**٥-((پەنجەرەیەك . بۆ . شەڕ .))**

لێکدەترازین . و

لە گەڵ ئاودا دەڕۆن .. بۆ سەرەتا

دێنەوە

لە گەڵ -با-دا دەڕۆن بۆ دیماهی

بیرچوونەوەیان بیر دەچووەوە

یادەوەریان یاد دەکردەوە

((ش . شین)) شەوەکانی درێژترکردنەوە

شەو ، زەریایەک بوو

لە زەمینەوە دەڕژایە نێو بانێژەکانی ئاسمان

((ـە.بزۆین)) بزرن

هەمیشە ناگەن

ناگەن..

کە دەشگەن..کار لە کار ترازاوە

هەمیشە گوڵ تووشی دڕک و

ئاگر تووشی ئاو دەبێ

هەمیشە ..

من هێڵی سەرابیی

نێوان شتێک و دژەکەی /چاو دەکەم نامینێت..

«ڕ...ڕێ» ڕیشی زوو سپی کردن . و

ڕۆژەکانی کورتتر کردنەوە

ش

ە

ڕ . . شەڕ دار شەقی مەرگ بوو

بە کۆڵانەکانیاندا تێ دەپەڕی ...

## ٦- پەنجەرەیەك بۆ ((مەنفا))

.. بۆنی خاک هەڵیفریواندین

ئەگینا

مل کەچ نەبووین بۆ براکانمان - براکانی یوسف -

سەوزەگیای

سەر ڕۆحیان دەسکەنە کردین

هیچمان پێ نەبوو

بێ جگە لە کۆترەکانی تەمەن/ کە بێ هوودە

هەڵمان دەدانە نێو ئاسمانەکانی مناڵیی . .

تووشی پژانی ناخ و

نەزیفی ڕۆح بووین

پەنجەرە دۆزخیەکانمان

بە سەر فیردەوسی -مەنفادا

دەکرێنەوە . و

دەڕوانن..

## ٧-پەنجەرەیەك بۆ نیشتمان

..................................
..................................
..................................
..................................
..................................

**(IX) پەنجەرەیەك . بۆ - سێ پەنجەرە -**

**١***

- **١٩٨٦** کفری ، نامەی نهێنی بوو

کچە تورکمانێک دایمێ

زوو تێپەڕی...

=٢

١٩٨٧= کەلار

شەوی زستان

بە تویێ نوێنی تەنیاییمدا گوزە دەبێ و

یادگاری بەژنی کچێکی عاشق جێ دەهێڵێ

دەڵێن ئێستاش

تۆڕی نیگای بۆ هەر لایەک هەڵدەخات هەر

ماسی روخساری خەمگینی تێ دەگلێ...

٣ **زستانی بەغدا

ژوورێک هەیە
لە دووەم نهۆمی ماڵێک
کتێبخانەیەکی بچکۆلە
کارتۆنێکی جل و بەرگ
دەستێ نوێنی یەک نەفەری
هەندێ جار ..... و
هیتەرێک
ڕیکۆردەرێک
ڕۆبێکی شین و کراسێکی ئاڵ
وەک ڕەنگی لێوی و
تێلی هیتەرەکە
دڵم هێشتا
لە نیو پەنجەرەی ژوورەکەیدا.. چرایە

## (VII)) پەنجەرەیەك بۆ -شیعر نووسین-

مەودایەکی کورت،

لە نێوان پەنجەرە و گوڵەکاندا /هەیە

من لەوێوە شەپۆلەکانی نیگام

هیلاک و-

ماندوو ، ڕودەکەمە «بـــا» یەکی زامدارەوە

لە نێوان

هەڵوەرینی گەڵا،و

کەوتنیدا

چاو تروکانێک هەیە

من لەوێدا شیعر دەنووسم


## (VIII) پەنجەرەیەك بۆ -ئاینده-

چی بکەین ..چی.؟

چی بکەین.؟؟

چی .؟؟؟

زستانی ٩٤-٩٥ دەربەندیخان



## ((٢٤))ســـــــــــــەعاتی بەغدا

I

نــویــن و

کـتێـب . و

جل وبەرگ

وەک سێ پێچوە پشیلەی سرک

بۆ وە نەوزێ

ماڵە و ماڵ .. هەر ئەیانگێڕم ..

*II*

قەمبەر عەلی جیدەهێڵم

((سەرای)) کلیلی -

کتێبخانەی کۆنەکەیم پێ دەبەخشێ

هەر ئەوبەریش

خۆشەویستی تینی لەززەت

پەپوولەیەو

بە سەر ڕوخساری گڕینی

گەڵی کچی شۆخ و شەنگدا. هەڵدەنیشێ ..

*III*

دیجلە دێت . و

باسی ئەو کچانەم بۆ دەکا

کە دێت بۆ سەر گۆلی - وان - و

بە جامی دارینی دەستیان

ئاوی سازگار ئەخۆنەوە.

دوای شەڕە ئاو . و پێکەنین

کونە بە کۆڵ ئەڕۆنەوە...

IV **غەریبی**

بەیانیەک ، زۆر تەنیا بووی

لە یانەکە دانیشتبووی

لە دەرەەوە

بارانێکی شین دەباری

کەچی ناختی پێ تەڕ دەبوو..!

V

***بۆ ئەلف . حامد*** -

.. لە پێشەوەی،

دووەم قاتی پاسێکی سووردا

چاویلکەکەت

ڕۆژنامەک لە نێو دەستا

شۆخە ژنێک و دوو منداڵ

منداڵێکیان

دەستێکی بۆ چاویلکەکەت /

درێژ دەکا و

ئەوی تری ، ئەخاتە سەر ڕۆژنامەکە

بە لابردنی  ساواکەی‌بزەیەک..و

پردێک  ..

.........

گۆرەپانێک

پاڵتۆکەت چەتری سەر شانی هەردووکتانە و

تۆ دەستی ئەمت گرتووە و

ئەو .. ئەوی تر

هەر چواریشتان پرسیار دەکەن:

کەی شەو دادێ . و

ئەبو نەوواس،

ئەم پێکەی دەستی هەڵدەدا.؟؟

*VI*

.. شەوی ئەم شارە لە ڕۆژی ناچێ

هەمان شەقامی قەشەنگی ڕۆژە و

تاریک و

چۆڵ ، تەنیا پولووی

جگەرەکەی دەستی تۆ تیادا دەسووتێ

دەرۆزەکەرێکی ماندوو

شۆستەکەی ڕاخستووە و

سەری خستۆتە سەر کۆشی

بنە دەنگەیەک

لەو سەرەوە.

دەبەنگێگی سەر خۆش بەلارەلار

نایبینێت و

پیا هەڵدەمیزێت..

*VII*

... دوامشتە وردەی گیرفانت

بۆ ئەم منداڵە ڕوح سووکەو

پاکەتێکی لێ وەرگرە

شەوی تەنیایی زستانی -قەمبەر عەلی-

هەتا دیجلە تەواو نەبێ

تەواو نابێ..

دڵی شیعرێکی مۆم ئاساش

تیا دەسووتی ..بەرە..بەرە.



VIII

## ((پردی بابولوعەزەم))

پردێک..

وەک هەزاران پرد

لەهەر دوو سەر ڕا

ڕەهگوزەران پیا هەڵدەزێنێ و سەردەکەوێ

پیا شۆڕدەبنەوە و دادەبەزن

پردێک بە هەردوو دیوویدا

پاکەت فرۆش و

بنێشت فرۆش و

قردیلە فرۆش و

قەڵەم فرۆش ، کە پری دەڵغەیان لە سەر هەڵداوە و

لە بنیا کرو شکەیان کردوە

چاویان بڕیووەتە /

دەستی خاوێن و گیرفانی نەترازاو

پردێک ..

وەک هەزاران پرد

سبەینان و نیوەڕۆان

تۆ .. لە ژێر چەتری خۆشەویستی و شیعردا

لە گەڵ ..(( هـەدیـل . و

سـەوسەن . و

فـریـال و

مـــەی))دا

بە سەریا پیاسە دەکەیت .و

ئێوارانیش لە گەڵ ((      تەهاو

ئـــاراس و

جەلال و

فــاروق))دا

لە ژێر چەتری هاورێیەتی و شیعردا بە سەریا

بەرەو ژوورەکەی

((قەمبەر عەلی)) یان ((وەزیریە))

دەڕۆشتنەوە.

پردێک

وەک هەزاران پرد

وەلێ سەیر

ئەم پردە

بە سەر ئاودا ڕایەڵ نەکراوە ..

-چەند پەراوێزێک بۆ ئەم شیعرە-

* ((قەمبەر عەلی)) گەرەکێکی میللی هەژار نشینە لە بەغدا کەوتۆتە پشت شەقامی -الجمهوریە- وە زۆربەی ئەو قوتابیە کوردانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی بەغدا دەیانخوێند لەوێ یان لە -فەزڵ- یان -حەیدەر خانە- ژووریان بە کرێ دەگرت..


*سەرا: بازاڕێکی گەورەیە تایبەت بە فرۆشتنی کتێبی کۆن و نوێ و دەفتەرو کاغەز و قەڵەم کە لە گۆڕەپانی -ڕەسافی-یەوە بۆی بڕۆی بە دەستەڕاستدایە لە پشتی دیجلەوە بەرامبەریشی -سوق النهر- یان-سوق البنات-ە کە تایبەتە بە فرۆشتنی وردەواڵە و شت و مەک و پێویستی ژنان.

* ئەبو نەواس: شاعیر و سۆفی و مەی نۆشی گەورەی عەرەب کە لە سالآنی (( ))

ولە سەردەمی ((ئەمەویەکاندا))ژیاوە. لە پشتەوەی شەقامی -سعدون-و لە نێو باخچەیەکی گەورەی سەر دیجلەدا پەیکەریان بۆکردوە پێکێکی بە دەستەویە شەقام و باخچەکە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە.

- پردی بابولموعەزەم: پردێکی گەورەیە بە سەر چوار ڕێیانی -باب المعظم-دا ڕایەڵکراوە تایبەتە بە پیادە - بۆ کەم کردنەوەی قەرەباڵغی پەڕینەوە لە شەقەمەکاندا.

*ئەم شیعرە لە سالآنی ((٨٨-٩١))دا و لە بەرواری جیا جیادا نوسراوە.



# بانیژەیەکی تینوو ـ ئێوارەیەکی بێ وەفا

I

«لە گەڵیاندایت و «–پایزیهاوڕێم
لێیانەوە دووریت »* وا جارێکی تر لە گەڵمای..»**

.. پاش ئەوەندە ساڵ و تەمەنێکی تەنیایی
دەچمە سەر ترۆپکی منارەی
هەمان ئێوارەی بێ وەفا
تۆش لە هەمان بانیژەوە
دەڕوانیتە،
بەژنی تەنیایی ڕەبەنم

«ئای ..ئەو هەموو – با –یەمان لە نێواندایە»***

« نەخێر.. مرۆڤ هیچ ماڵێکی لە هاورێیەتی جوانتری نیە»****.

.. چەندپردمان دروست کرد

بە گوڵی هاوڕێیەتی/

بۆ پەڕینەوەی –سەرکەوتن–ەکانمان

بە سەر ئەم جۆگەلە / زۆنگاوانەدا

. لە ئاژاوەدا، کەم گوڵ ناژاکێ

لە تەم و مژی ئاوادا

تەمەنی کەممان گەرد نایگرێ

کەم ئاوێنە فریو ناخوا

II

پەنجەکانت

لەوزەریایەدا جێبێڵە

کە منالێتی ڕامالی

چاوت بدە

بەو نەورەسە چەواشانەی

لە کەناری تەنیاییدا ، زەندەقیان چوو

چەپکی ڕ وناکیی و تریفە

بنێ سەر گۆڕی تەریکی

ئەو فرمیسکە شەهیدانەی

ئەو برینە شەهیدانەی

خێرا هەڵبوون..و

زوو کوژانەوە

- هەموو شتێ بە پەنجەکانت بژمێرە

تەنیا زام .و. شیعر نەبێ

کێ برینی گوڵی دیوە.؟

کێ لە چاوی پەپولەیەکی زامدارەوە

گوڵی نیگا کردوە.؟

بە سەر باڵی هەر پەپولەیەکدا

تێپەرین

برینێکی ترمان جیهێشت

III

وەک ئێوارەیەک داپپۆشیبێتم

یان

من ئەومنی داپۆشیبێ و گوێ لە باران بگرم

لە تاریکی‌یەوە دەڕووانمە ڕووناکیی

. ئەوانی تر .بە من نامۆن

ئەوانی تر ..

ڕەنگە ...

لە ڕووناکی‌یەوە بڕووانن‌ە تاریکیی

بۆیێ شتەکان نابینن

زوو تێپەڕین

پێش دابارینی ئێوارە

پێش ئەوەی منالاّن–

دەست هەڵبڕن بە ڕووی – با – دا .. و

بنە دەهۆڵ .

زوو تێپەڕین

کیسەڵەکانی شۆڕش . و

کە ناچەکانی ئەوین . و

شەمەندەفەرەکانی مەرگ ..

زوو تێپەڕین ..

VI

کێ برینی گوڵی دیوە .؟

کێ لە چاوی پەپولەیەکی زامدارەوە

گوڵی نیگا کردوە . ؟

بە سەر باڵی هەر پەپولەیەکدا

تێپەڕین .

برینێکی ترمان جیهێشت ..

من .. ئاواباسی نوێژەکان دەکەم .. بۆخەتا

من ..

ئاوا باسی گوڵەکان دەکەم

بۆ خۆڵەمێشی پایز

پایز

پایز . لە دەرگامان دەدا

نەیکەینەوە

دارستان دەڕنێتەوە

**بیکەینەوە**

**بن باخەڵ و**

**کۆشمان پڕ دەکات لە گەڵا ..!**

١٩٩٤/١/٣– ئۆردوگای صمود

*. کیتس

** ئینینیسکی .

*** ئونسیلحاج

****. ئەدۆنیس

# ڕۆح/ جەستە



I

.. « .. ڕەهاکردنی ڕۆح لێرە

پێوەندکردنی جەستەیە .. »

... دەنگم تەڕە

هەڵیدەخەمە سەر ژێی گۆرانییەک

لە نیگای شێداری ئێوارانێکەوە ....... تەڵخ

دەشتاییەکی شین .. شین ... وەک دەشتەکانی-

ڕۆح .. شین دەچۆوە

وەک شارەکانی -کالڤینۆ .*

وەک گوندەکانی -یەسێنین .**

وەک بنە زەریایەک

یەکەمجارە تخووبەکانی دەشکێنم .. وەلێ /

وا هەستەکەم هەمیشە لەوێ بووم

لە سەرەتایی بەیانی یەکان و

کۆتایی ئێوارانەکاندا .. لەوێ

باران .. پەنچەرەکەم چاوی لێ بوو –

باران .. چ شیعرێکی تریفەیی

لە سەر ئەم خاکە دەنووسی

زستان ...

گـوڵـی ،

بە سەر دارو درەختی نێو باخچەکەدا /

دابەش دەکرد ..

گوزەربووان ،

بە توونێلی خەونەکانیاندا / گوزەردەبوون و

دەستیان دەخستە سەر شانی

منداڵیتییان ...

درووود ...

چەند جوانە .. منداڵی

چەند جوانە .. شێتی

چەند جوانە .. نیگا تەڕو تەڵخەکانی سەرەتا

سپی وەکو باران

و

شین وەکو زستان

دارستانێکی ئاورینگدار

ژنێکی باراناوی

عومرم لە - بـا - لوول دەدەم

تـا . . . . . . .

خۆم لەتەم ومژی گومان و خەتادا دەگەوزێنم....

*II*

- «.. پێوەندکردنی ڕۆح.لەوێ

ڕەهاکردنی جەستەیە .»

.. ئالەو ڕووتیەدا

دەست لە هەور وەردەن

وەک ئاو بێ بکەنن

بگرین وەکو ئاگر و کورسی بۆ خۆر دابنێن

لەم بیابانەدا نیگاتان چ دەبنێت . ؟

نیگاتان . هیچ نابینێت

دیدەتان . ئاو دەکات . . و

چۆڕ

چۆڕ ،فرمیسک و تەنیایی پیا دێتە خوارێ

لەم بیابانەدا

ڕۆحمان لە ڕووتیداو

عومرمان لە بۆشاییدا جێ دێڵین

گوڵێک نییە

بیدەین لە یەخەی ئێوارەی غەریبیمان

«نوێن، بۆ خەون ڕاخەن تابنوێ ..»

نانێکی کفت

**نیشتمانێکی پێپەتی**

**ئاوێکی شێت**

**بە نێو دەست و گەرووماندا**

**ساف و لووس**

**دەخزێ. و . پێ دەکەنێ . و . دەڕوا**

***  *  *  ***

زستانی ١٩٩ صمود/سلێمانی

*ئاماژە بە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ((ئیتالۆکالڤینو))شارە نەبینراوەکان)

** ئاماژە بە شاعیری مەزن و گوند نشین ڕوسیا (سێرگی بەسێنین))



## ((بـێ دەنـگ ...
## دەست لـە سەر بـریـنەکانـیان دادەنـێن . و دەڕۆن ..))

.. لە تونێلی هەراسانیدا

مرۆڤ .. لە مرۆڤ دوورکەوتەوە

مرۆڤ .. لە دووڕیانە جیاوازەکاندا

ڕێگای تەنیایی گرتەبەر

دوور لە یەک

بێ ئاگای لە خەمی یەکتر..ژیان/مردن

مرۆڤ .. بە بێ ماڵئاوایی

مرۆڤی بەجیهێشت

لە پیاسە بێهوودەییەکانی ئێواراندا

مرۆڤ ... بەدرۆوە شڵەژا

ڕوویان لە یەکتر وەرگێڕا . و

سەلاَویان لە یەکتر نەکرد . و

بێ دەنگ ...

دەستیان لە سەر برینەکانیان ـ

داناو . و . تێپەرین ..

تەڕ بوون .. چەتریان بۆ یەکتر هەڵنەکرد

مرۆڤ .. تەنیا مایەوە

مرۆڤ ... مرۆڤی گۆڕیەوە بە ئامێر

لە سارد و سڕی - ئامێر -دا

مرۆڤ .. موچڕکەی گومانی پیادێ

باوێشکی نیگەرانی دەدا

مرۆڤ .. تەنیا مایەوە .. مرۆڤ
مرۆڤ ... لە تارمایی و مۆتەکەی ئاییندە/
سڵ دەکـاتەوە
دەتـــرســێ
نیگەرانە .....مـرۆڤ

مرۆڤ ... ڕۆحی لە خاچ دا .. و
مەنجەنیقی بۆ جەستە ڕاخست ..
لە سەمای شەهوەتەدا /نێر . و .. مێ
لە یەکتر دەگەڕێن و
یەکتری نادۆزنەوە
مرۆڤ .. سێوی خەتای داکرماند

مرۆڤ . لە بەهەشت دەرکرا

مرۆڤ .. ئێستاکە ڕووت و قووت

سەرسام .. لە پێشوازی سروشتدا

ستایشی پەپوولە و

گـــــوڵ   و

ئـــــاو . . و

بـــا دەکـــا ..

ØØØØØØØØØØØØØØØØØØØ

پایزی ۱۹۹۵

«صمود - دەربەندیخان – سلێمانی

# دەرگایەك

. . . دەرگایەک

نە . . بۆ چوونەدەرەوە

نە . . . بۆ هاتنە ژوورەوە

دەرگـایـەک

نە ... بۆ وەرگرتنی نامەیەک

نە ... بۆ دیمانەی ئازیزێک

دەرگـایـەک

بـۆ دەرگـا


بۆ ئەوەی دەرگا هەبێت

دەرگا..دەرگا..دەرگا..دەرگا..دەرگا

دەرگایەک/ ... تەنیا

بۆ مۆمیاکردنی هەوا .. و

بەخشینی تاریکیی.........!



# ئـــــــاو

" دوو ئاوێنە:

ئاوێنەی یەکەم . کەربەلا ((ئاوێنە بخۆنەوە و –

تینوێتی – حسین – تان لە بیر بێت..))

ئاوێنەی دووەم . ئەحمەدی مەلا ((ئیدی چی ماوە–

ئاو زیاتر لەززەتمان دەداتی..))

... ئـــاو

لە پشتی ئاسماندا، توخمێک بوو

چەخماخەی تێکەڵ بوونێکی ئاسوودە

بە جەستەی میهرەبانی زەمینی بەخشی


زارۆکێک ، شـــــلەیی

لە کانیەکەوە چاوان هەڵدەگلوفێ .. دەگری .. دێتەدەر

کچۆلەیەک . جۆگەلەیی
سەما دەکات و دەڕوا
زەریایی .. شوو بە کەنار دەکات
ئـــاو ...
پیر دەبێت
جوان پیر دەبێت .. بە پیریش هەر جوانە
عەبای ((شەو)) بە خۆیدا دەدات .
چاویلکەی ((هەور)) لە چاو دەکا و
بە دارشەقی ((بـا)) دەڕوا
ئۆقیانووسیی
دەوەسـتـێ
و
چاوەڕووانی هەڵمێن دەکا ..

# بێ دەنگیی

. . . بێ دەنگیی
پێکدادانی دوو نیگای دووره
له دوو ئاراستەی جیاوازەوە پێکدەگەن
لێکخشانی دوو جەستەیه له هێمنیدا
باویشکدانی نوێنێکی تەنیایه
دەست به قژدا هێنانی مێینەیەکی خەواڵووه
له بەیانییەکی زستاندا
.. بێ دەنگیی
سەڵودەکات . و
له پەنای تەنیاییمدا دادەنیشێ
... بێ دەنگی
به کۆڵانه تەسک و تروسکەکانی
قسه کردندا / تیپەر دەبێ .. و
سیگار دەکێشێ ... !



# حەنین

.. ورد

ورد ... دەڕژایە دۆرگەی خەونەوە

تا تەواو بەرجەستە دەبوو

تۆپی زەوی .. بەر ماڵێک بوو لە بەستەڵەک

لە چەقیدا .. لە سەر گابەردێک ڕۆنیشتبوو .. ئەو

پرچ و ڕیشی سپی .. سپی بوون

وەک کڵۆی لۆکە

ژیتارێکی ئەژەندە ژێکانی – با – بوون

مەڕو چۆلەکە. و . سمۆرەی هێنابووە سەما

بەفرێکی هێمن دەباری و بازێک لە سەر شانی ئەگریا

لەو ئاژاوەیەدا .. تەنیا

**وەک کەروێشکێکی زراو چوو**

**وەک ئاگرێکی بەربوو لە زەریایەک**

... ... ... ...

**ڕۆحی نەزیفی ،**

**دەرژایە نێو شەپۆلەکانی -با- وە**


**(بۆشایییەکی**

**ئاسمانیی**

**ســـــارد**

**دایدەپۆشی)**

**ورد ، ورد..سیمای لە تەم ومژدا وون دەبوو**.....!



# ستایشی زەریاو ڕووناکیی بەرز

.. گوڵی ئەنگوستت دەوەری    لە قاب شتن / و جل

شتن و/خۆشتن و / شتی تریشتندا

وەک دەستەکانت گەورەمکە چونکە لە تاریکیی دایت و

ڕووناکیی یەک  نادۆزمەوە تا بیرت بکەم

نیگام خەڵتانی تۆیە   دەلەرێتەوە   دەنگ دەداتەوە

ڕووت   تەنیا تارایەک گوڵی جەستەت دادەپۆشێ

پایزێکی پۆشتە وەک شوێنە دەگمەنەکانی

جەستەت

خەو باوێشکییەدا تاتۆی پی بکەوێ

زەریای قژت لە پەنجەکانم دەتکێ

ئاسمانی چاوەکانت گوڵینکی فرمێسکیان پیا دێتە  خوارێ

هەورە بروسەکەیەک

کتێنبی باران لە کتێبخانەی هەور دەردێنێ و

بۆمانی دەبارینێتەوە

ئێمەوە زەمین کاسین لە گوێ گرتندا و ئەویش

لەو دیو چاویلکەی نمداری بێ دەنگیەوە

گەڵا و فرمێسک هەڵدەڕێژێت

و

ئـــاو.....!

# بێ دەنگی‌یەك پاش گۆرانی/ غەریبی

شتێک دەشکێ

شتێک دەرژێ

گوڵێک ڕۆدەکرێتە بۆشایی‌یەکەوە

دوو جەستە لە چەق دا یەکدەبڕن

بی دەنگی‌یەک

بێ دەنگی‌یەک، وەک گیربوونی دوو لێو لە یەک

بێ دەنگی‌یەک ... پاش گۆرانی

جەستە پڕ دەکات لە ئۆخژن و تەزووی هێمنیی

پڕ لە ڕووناکی و تریفە ... تا غەریبی

«غەریبی جوانترین ماڵە کە جەستەی تیا نیشتەجێیە»

لە غەریبیدا .. کاڵ دەبینەوە

لە غەریبیدا ..


زەمین،

شوێن پێکانی ڕۆدەکردە سەر ڕێگاکان

تۆش .لەو دوورەوە

هێندە ئاسمانت ڕاوەشاند

تا ئەستێرەی پێوەنەما..



# گـــــــوناه.

.. سـەیرکـە

لـەم ئاژاوەیـەدا

لەم بەهەدەر چوونەدا

هـەمـوو گـوتـنـێـک خـەتـایـە

هەموو تێکەڵ بوونێک بە - کۆ ...

کـودەتایەک دژ بـە - تـاک ..

هیلاک بووین لە ماندوو نەبوون

ماندو بووین لە چاوەڕووانیی

ڕووت بوویـن

((بـا)) مان دا بە خۆماندا

برسیـی بوویـن

بۆنمان کرد بە خاکەوەو

ترپەی پێمان دەبیست لە دوور

تینوو بووین

ئاوینە کانمان شکاندوو .. و

بینمان نا بە سەرابەوە

سەیرکە

چ پانۆرامایەکی سەیرە

کورد .. ڕۆی

کورد .. هاتەوە

کورد .. بەرەو .. ( مێژو ) دەڕوا

کورد .. لە .. ( مێژوو ) ەوە دێتەوە

کورد .. بۆ شەڕەکانی .. ئایندە .. دەڕوا

کورد .. لە شەڕەکانی .. ڕابردوو .. دەگەڕێتەوە
سەیرکە .. چ .. شەرمێکە
ئەمەی کورد . ئەیکا بە کورد

ورد .. ورد . جوانیی کاڵ بوویەوە
ورد .. ورد . خۆشەویستی لە گۆچوو
ورد .. ورد . "تۆ" ش ڕەق هەڵاتی
هێدی ..هێدی . ماڵەکانمان بوون بە مڵۆزم
بە زیندان
هێواش .. هێواش نیشتمانەکەم ناشیرین بوو ..
سەیرکە ..
چ کوودەتایەکە .. چ فیتنەیێ

چ ئـاشـوبێکـە،

ئەمەی کەنار ئەیکا  بە ڕووبار

چ نەزیـفێـکـە ..

ئەمەی پایز ئەیکا بە گەڵا

چ سـووتانـێکـە ...

ئەمەی عەشق ئەیکا بە جەستە

چ کوناهێکە  .. گـونـاهـ

ئەمەی بە نیشتمان ئەکەین  ..  ئێمە

ئەمەی نیشتمان ئەیکا بە  ..  ئێمە ..

******************

*- لە یەکەمین دیداری شیعری کەرکوکدا  خوێندراوەتەوە....

# ئەوانی تر



- تـۆڵــە

... بێ مانـاتـرن لـە داهــۆڵ

ئـــــەو دەمـــانـــــەی

وەک بـــــەروبـــومــــی

بیستانێـک .. جێتان دێڵم ...



# بۆشاییەك / پێش - مەنفا
# لـــــە نـــیــشـتــمــان دەچێ ..

(( سنبقى حزيرة ، وكل هوانا قناطر..))

× سەعدي يوسف *

.. پشتەوەت هەر تاریکییەو بەردەمت بۆشاییەکی لێژ
پەنجەرەیەک لە ئاخاوتن بکەرەوە / کە پەنجەرەکانی
بوون . هەموو بە سەر - عەدەم –دا دەڕووانن
زەمەن بۆ سەر دەمێکی تر دەڕوا
هیچ وەک خۆی نەماوە
هیچ وەک خۆی
هیچ وەک

هیچ .

هیچیان بۆ نەهێشتووی

هەورێک . زینکە . و سەرکەوە بۆ زەمین

تەروویەک . ڕاخە . و دابەزە بۆ ئاسمان

بە ڕووتیی لە بینیندا ڕاکشێ

بە بۆن ئانیشک دادە سەر دوابرین

بە بیستن دیقەت بدە ڕێگاو بان

بە دەستێوەردان دووریەکەی بپێوە

تـۆ ..

ئەی من

تۆ .. بەم باڵە زامدارانەوە تا کوێ بڕ دەکەی..؟

لەززەتێک تێپەڕبوون دینێ

به سەر ئەو هەموو شەرمەدا

لەززەتی ئاشنا بوونەوە و دۆزینەوەی

جوانی‌یـەکـانی جەستە و شتەکان

«.. لە جەستەیدا

لە ئاست هەر نووشتانەوەیەکی لە کەوانە چوودا

جۆرێک ئۆخژنی هێمینی . . تا غەریبی

جۆرێک خۆشیی ... تا کاڵبوونەوە ..»

تارمایی‌یەکی تاریک لە وێیە

لە لاوازیدا .. بە خۆیم دەزانێ ..

لە لاوازیدا . بە خۆمی دەزانم

لە لاوازیدا . خۆ بە یەکتری دەزانین

لە لاوازیدا. باوش بە گلەیی و بەزەییدا

دەکەین و لە –حەنین–دا نوقوم دەبین..

چ دەکەن . لە تارماییەک

– با –یەکت تیا خۆشنەوێ .؟ .

لە هەڵلە رزینێکی تووندا

لوورەی خوێنم دەبیستی ؟

وەک گەلە گورگێ لە دوور

لەو سەری ڕۆحەوە

بە دەسبەتاڵی دێنەوە ..

کێ دەڵێ ..؟

تۆ – خاوەن دوو دەست و دوو قاچ و

ئەندامێکی نێرینە و ئەم هەناسانەیت –

کێ دەڵێ ..؟

هەوریک زینکە ...

تەروویەک ڕاخە ...

بوواریک نەماوە بۆ گەیشتن ...

بووارەکان بە تاریکیدا دەڕۆن . و

لە تراویلکەدا بنبەست دەبن ..

جوانی‌یەکان ..

لە نەگەیشتنیاندا .. جوانترن ..

لە نەبوونیاندا . جوانترن .

چیتر توانای .. هەڵگرتنی ئەم ڕووبارانەم نەماوە.

چیتر توانای ، تەماشاکردنی ئەم ئاوێنانەم نەماوە.

چیتر توانای . گرتنەوەی ئەم هەناسانەم نەماوە.

هەورێک ..

تەرووپەک ..

سروشت ،

بەرائەتی فڕێدا .. و تفی کرد لە ئاو

، بەردی ماڵی کرد .و

کوتری تاراند.

ئاسن ،

لاساییمان کردەوە و بووین بە ئەو

ماڵەکان ، لە ئاسن و سروشتدا

بوون بە کریستال .. وڕژان

دڵەکان

بوون بە بلوور .. و شکان

دێـن ..

ئەفیونی بێ هوودەیی و گوێنەدان

دەڕژێننە خوێنمانەوە و دەمانبەن

دێـن ..

ئەندامەکانمان بە گەرم و گوڕیی دەبەن

بەسستی دیێنەوە

ناشلەژێین

ناگرین

پێ ناکەنین ...

دەقیژێنین

«چەند ڕاستەهێڵێـک بە کەلینێکی نمداردا

بەرەو چەند هێڵێکی تر ئاراستە دەکرێن

لە هەوادا سامناکیەکی تیژ جێ دێڵن

ئەستێرەیەک دەکشێ و دەڕژێتە /

نێو کۆشی گەدایەکی ڕیش سپی تارژەن/

لە بن داریکدا

گوێ لە مانگە شەو دەگرێ

دەشتێکی شەختەیی سامالٚ

بە ڕووتیی . جووت ،جووت مرۆڤی پیا گوزەر دەبن

ورە ورێک دەکەن..

ڕۆحی بێ جەستە لە سەر بانەکەتانەوە

سەر دەکەون بۆ ئاسمان

پەنجەرەکان دەبنە بالٚ..

هەورە برووسکەیەک .. بە تووڕەیی

**بۆ لێ ڕووناکیی تەڕ دەخوێنیتەوە**

**زەمین دەینوسێتەوە..»**

**.. لە یۆتۆپیای «ئاسن/ سروشت»دا**

**دەقیژێنین**

**قیژەیەکی بێ دەنگ و بێ دەنگدانەوە**

**قیژەیەک ...**

**نە – ئاسن – پیێ ئاشنایە.و**

**نە – و سروشت – لە بیری ماوە ..**

دەربەندیخان

مانگی ٥–٦ ی ١٩٩٦

لە یەکەمین ڤیستڤاڵی گەلاوێژدا

لە سلێمانی خوێنراوەتەوە

لە ژمارە ٣ی گۆڤاری ئێستادا

بڵاوکراوەتەوە...



## (( حیکمەتە ئەم تەنیاییە
## حیکمەتە ئەم بێ دەنگیە))

... تەنیاییەکی بەرز

وەک تێکەڵاو بوونی ئاو .. و گژوگیا

وەک شوێنە بزرەکانی خودا

هەورێک دەستەمۆ دەکات و

دەڕووانێتە بەردەکان

بونێکی توندوتیژ

لە بەردەکانی دەوروبەر هەڵدەستێ

کەوانەکان هەڵدەگرێ

هەست وڕستەکان تێکەڵ دەکات

ئەی بەرزایی

ئەی تەنیاییەکی تژی  لە بێ دەنگیی
شـتـێـک ،لـەم حیکمەتە دەزانی .؟

حیکمەت  ئەم بێ دەنگی‌یە
حیکمەتە
حیکمەت ...
بێ دەنگیم چاو دەکەن / هەرکاتێ تەنیایی
وەک ( با ) یێ ، یان چەمێ
لە کەوانەوە هەڵدەکاو.
هێروکان پڕ دەکا لە ئاورینگ ..
خودایە ...
دڵتەنگیم .. ڕووتەو وەک پایز

ڕۆحم . سپی‌یە وەک باران

دەنگم . تەڕ و شێدارە وەک زستان

خودایە ...

لە بە یەکاچوونی ڕمەکاندا

نیشتمانەکەم ڕژا

لە ڕژاندا گەلەکەم / وەک خڵت

زەریایەکی بێ کەنار هەڵیگرت

لە بۆشاییدا .. چاوەڕووانیی و

لە چاوەڕووانیدا .. بێ هوودەیی و

لە فۆبیادا بیرۆکەی ( مەنفا ) دروست بوو

ئەی بەرزایی

غەریبی جۆرێکی ترە لە بەتاڵبوونەوەی ماڵ

له نیشتمان ..

ئەی گەلگامشی تەنیاییم

-ئۆرۆک- هەر گوندێک .. و

شەهرەزاد مێینەیەکی قەرەج و

دیجلە-ش تەنیا ڕووبارێکە ..

ئەی جوانیی بەرز

کاڵبونەوەش جۆرێکی ترە ، لە خەستبونەوەی

جوانیی .. لە خۆت

ئەی جوانیی .. جوانیی بەرز

خۆزگە تۆش / هەر هەمووت

لێو دەبوو .. یان شەپۆل

??? ???

بۆنێکی توند و تیژ

لە بەردەکانی دەوروبەر هەڵدەستێ،

بەردەکان بێ دەنگن

چەم وشکە

لێیان دەترازێ و

ئێوارانێـــــــک .../

فووارەی سپێتیی ڕۆحت دەڕژێتە -

شینایی ( با ) یەکی غەریب .. غەریبەوە ...

کەسێک بە تەنیشتتدا تێپەڕ دەبێت و

شانی بەر شانت دەکەوێ

کەسێک ، چەترێک هەڵدەدات

کەسێک ، مێگەلی ئایندەی / لە سنوورێک دەپەڕێنیتەوە .و

دووراو دوور ئاراستەی دەکات

کەسێک ، وەک با هۆزێکی لە پڕ

ماڵەکان پڕ لە ئاژاوەی باران و

تەرزەکان ڕۆدەکاتە سەر شۆستەکان و

وون دەبێ ...

خودایە ..

غەریبم .. شینە وەک ئاسمانم

بێ دەنگیم .. کەسکە وەک زەریا

تەنیاییم .. ئاڵە وەک سەراب

خودایە ...

پێ دەنێمە خاکی هەر خەونێ .،هەر شارێ

پێش من / پێی گەیشتوون

جێی دێڵم

پێش من

جێیان هێڵاوە..!

ئەی ئەو کەسەی ، کە بە تەنیشتما

تێپەر دەبێت - و

شانت بەر شانم دەکەوێ

شتێک دەزانی ..؟

قەت بیرت لە « * تابلۆکانی - ماڵڤا-و

* شیعرەکانی -ئەحمەدی مەلا - و

* دەفـــــەکانی - بیژەن» کردۆتەوە ؟

ئەودەمانەی :

من ... دەرگا لە باران وازدەکەم .. و

فەرموو لە بەهار و گوڵەکانی دەکەم

تۆ ... هەناسەت دەرژێتە بازنەیەکی ترەوە و

لە ڕیزێکی درێژ - درێژدا دەوەستی

دەوەستی بۆ ... هیچ . .

ئەو .. لە بەیانیەکی تەمەڵدا

دانەوێڵە ڕۆدەکاتە بەر

کوتر وقاز.و. مراویەکان..

ئەی ئەو کەسەی

چەتر هەڵ دەدەی

ئەی ئەو کەسەی ، میگەلی ئایندەت-

دەپەڕێنیتەوە

ئەی ئەو کەسەی ، وەک با هۆزێکی لە پڕ –

هەڵدەکـەی

شـتێک –

لەم حیکمەتە  دەزانن .

خودایە

بۆنێکی توندوتیژ


لە بەردەکانی دەوروبەر هەڵدەستێ .و

تێم ناگەن

تێم ناگەن .. خودایە  ...

************

ئەم شیعرە لە دووەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە ولەژمارە ((   )) گۆڤاری ((ئێستا))دا بلاّوکراوەتەوە..



# -پاشكۆی هەڵوەرین

«١. تۆزی بارین.

نەختی تاریكی ..

بستی خاك ...»

... ڕێزێك خەنجەر ڕووت دەبنەوە

شورەی نێوان مەرگ و ژیان دەڕوخێت و

تێكەڵ دەبن

وەرزەكان،بەتەمتومان و چڕ دووكەڵدا

بە كۆكە  كۆك

بە كۆمە  كۆم، لە دەروازەی ساڵێكەوە دێنە دەر

وەرزی هەڵوەرینی قژی ئاو  . .  و

سپیی بوونی ڕیشی .. با ..

گوند بە گوند ئەزریکێنیٚ و غار دەدا

لە پڕ بوو .. لە پڕ

فریای کزکردنی چراکان نەکەوتین

فریای دۆشینی مەڕەکان نەکەوتین

فریای داخستنی دەرگاکان نەکەوتین

فریای کردنەوەی پەنچەرەکان نەکەوتین

فریای قژداهێنانێکی بەر ئاوێنەکان نەکەوتین

لە پڕماڵەکانمان لیٚ حەرام بوو

لە پڕ تەلاقمان لە گوندەکان کەوت

کــزۆڵ ...

کــزۆڵ ..

تەنیاو کڵوڵ

تارمایی سێبەرەکانمان کێش دەکرد ، دەڵێیلە بەهەشت دەرکرا بووین

شێخ مەحموین و لە بەردەقارەماندا / ئابڵوقە دراوین

دەروێشەکانی -هەزارکانی-ین و لە زیکراین

-ئاتیلا-ین و تار دەژەنین

تێکرژاوین . و . بە یەکدادێین

بە یەکدادێین ..

وەک شارە مێرووولەی وورووژاو

هاتوو ینەتە وەیەک

وەک .. چڕ بوونەوەی هەور، پێش بارین

وەک .. بزیسکەی ئاگر ، پێش کەوتنەوە

چ بێ ئەنواین ..

چ تەنیاین ..

خوا .. بە تەنیا جێبهیشتین لێرە ..

چ ڕووتین

چ زەلیل دەستی نا پیاوان کەوتووین

چ ئێوارەیی ئاوا بووین

چ تینووین .!.

تۆزێ بارین .. ئەی هەوری بێ وەفا .. تۆزی بارین

تینوین .!

لە بۆشاییەکی ڕووناک.. ڕووناکداین

چاوەکان و قەرەوڵەکان و خەنجەرەکان دەمانبینن

لە شکان .. و

ڕووخان .. و

ڕژانی هەر شتێکدا

ڕائەچڵەکیێن و

لە تارماییەکی تاریک دەگەڕیێن

خۆمانی تیا و نکەین

بستی خاک.. ئەی خاک.. بستێ خاک

پێی لە سەر دانێین

ئێستا زۆرمان پی بێنن بە کونە دەرزیەکدا دەچین

هەر کزەیە .. و ژێی جەستەمان ئەژەنێ

هەر بای غوربەتە.و. عومرمان ئەبێژێ

هەر خەزانە .. و ڕۆحمان ئەڕنێ

((جانم فیدای سروەکەت )) ئەی (بادی خۆش مرور)

برۆ

بە سەر بەفرو قەرسیلدا قەتارەمان بەستووە

تا پشتێنەمان لە تەم دایە

ئاویی و ناسک دەچێنەوە وەک بلوور

لە بەر تریفەی ئەم مانگە شەوی بەفرەدا

....چەند جوان

برایینە چەند جوان دەشکێین

لەم تافی نەزیفەدا

چەند جوان

چەند سووک، سەر ئاو دەکەوین

لەم زستانە شینەدا

چ بارانێکی غەریب دەبارێ ..!

ئێستا کارمامزی نێو باخچەی ئاژەڵان .. و

کەوی نێو قەفەسی کۆشکەکانین

ئێستا ..

تابلۆی هەڵواسراوی نێو هۆڵ و ژوورەکانی /

حەسیب ساڵەحین ..

ئێستا ..

پرووشەی باڵی -صمود- و- کانی قرژاڵە.و

قەلآیهەولێرین

ئێمە

ئەو خانوادانەی / لە ناخوداکەی .نوح.دەرکراین

ئەو خانوادانەی /

لە زەمیندا جێگامان نەبووە..

ئەو خانوادانەی /

بۆ سەر دەمێکی تر

بە ئامانەت وون بووین ...

*************

❖ هەردوو نیوە بەیتەکەی ((سالم و نالی))

بە مەبەست تێکەڵکراوە و تەمی هەردوو

چامەکەش بە ئاوەژوویی/ مەخزایی

بە جەستەیی ئەم شیعرەدا پەخشکراوە.

# نـــــــاوەڕۆك


- زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدرێن
- (( ................. ))
- ئـەوان
- چاوتـرووکانی ساتە شێتەکان
- دوا کۆتـایی شتەکان
- پەنچەرەکانی ئاژاوە
- ٢٤ سەعـاتی بەغدا
- بێ دەنگ دەست لە سەر برینەکانیان دادەنێن و دەڕۆن
- ڕۆح /جەستە
- بـانێژەیەکی تینو .. ئێوارە یەکی بێ وەفا

- ئاو.. ستایشی زەریا و ڕووناکی بەرز .. بێ دەنگیی.
- حەنین ، دەرگایەك . بێ دەنگی یەك/ پاش گۆرانی.
- گـونــاهـ
- بۆشاییەك / پێش -مەنفا- لە نیشتمان دەچێ
- حیکەمەتە ئەم تەنیاییە / حیکمەتە ئەم بێ دەنگیی
- پاشکۆی هەڵوەرین
- تۆزی بارین .. نەختێ تاریکیی .. بستێ حاك..

ئەم شیعرانە:

- ســـــەرجەم شیعرەکانم نیین تەنیا هەڵبژاردەیەکە لەو شـــیعرانەی کە لە نێوان ساڵانی (( – )) دا نووسراون و لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی وعەرەبیەکاندا بڵاوکراونەتەوە..